# خزمەتگوزاری چارەسەرکردنی گرفتی منداڵان لە بواری زمان و قسەکردن دا

ئامۆژگاری بۆ دایک‌وباوکان و چاودێران.

## وشە کارایییەکان چین؟

وشە کارایییەکان یارمەتی منداڵان دەدەن کە بڵێن پێویستیان بە چییە یان چییان دەوێت. هەندێک لە منداڵان کە لە قسەکردن لەگەڵ کەسانی تردا کێشەیان هەیە، لەوانەیە وشەکانی تایبەت بە ڕەنگ، ژمارە و شکڵ بزانن. هەروەها لەوانەیە ناوی ئاژەڵەکان، خواردنەکان، یان ئەو شتانە بزانن کە حەزیان لێیەتی.

دایک‌وباوکان زۆرجار منداڵ فێری ناوی شتەکان دەکەن چونکە گرنگە ناوی شتەکان فێربن. بەڵام زانینی ناوەکان هەمیشە بەو مانایە نییە کە منداڵ دەتوانێت ئەم وشانە بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی داوای ئەو شتانە بکات کە دەیەوێت یان پێویستی پێیەتی.

ئەگەر منداڵێک بتوانێت بڵێت "مۆز" کاتێک پرسیاریان لێدەکەن "ئەمە چییە؟" بەڵام ناتوانێ بڵێ "مۆز" کاتێک دەیهەوێت، ئەوە وشەکە بە شێوەیەکی کارایی بەکارناهێنێت.

### لێرەدا نموونەیەک لە وشەیەکی کارایی دەخەینەڕوو:

ئەگەر منداڵێک بڵێت "تکایە شیر"، وشەی کارایی "شیر"ە.

ئەگەر منداڵێک تەنها کوتبای "تکایە"، ئێوە نەتاندەزانی چی دەوێت.

ئەگەر منداڵێک بڵێت "شیر"، دەزانن کە خواردنەوەی شیری دەوێت.

### چۆن یارمەتی منداڵەکەتان بدەن کە لە وشە کارایییەکان تێبگات

ئەگەر منداڵەکەتان هێشتا وشە بەکارناهێنێت، یان تەنها هەندێک وشە بەکاردەهێنێت، لەوانەیە بە بەکارهێنانی جەستەی خۆی، دەنگەکەی، چاوەکانی، یان حاڵەتی دەموچاوی نیشانتان بدات کە چی دەوێت. بۆ نموونە لەوانەیە سەیری ئەو شتە بکات، ئاماژەی پێبکات، یان دەستی بۆ ببات کە دەیهەوێت.

ئەگەر دەزانن منداڵەکەتان چی دەوێت، پێویستە وشەکەی بۆ بڵێن. ئەمەش پێی دەوترێت زمانی کارایی مۆدێل دروستکردن.

بۆ نموونە ئەگەر ئاماژەی بە مۆزێک کرد، پەیبڵێن "مۆز" و لەم کاتەدا هەڵیگرن و بیدەنێ. ئەگەر کاپێکیان پێدان بڵێن "ئاو" یان "خواردنەوە".

وشەکانی "مۆز"، "کاپ" و "خواردنەوە" وشەی کارایین.

مۆدێلکردن یارمەتی منداڵ دەدات فێری وشەی کارایی بێت چونکە لەگەڵ ئەو شتەدا دەگونجێت کە منداڵەکەتان داوای دەکات.

داوا لە منداڵەکەتان مەکەن کە لاسای قسەکانتان بکاتەوە.